
# دڵێک لە ئاگر.. دڵێک لە بەفر

حەمە کاکەڕەش



هەستی پێبکەین یان نا، شتەکانیش قسە دەکەن وەرن گوێیان لێبگرین.

1

**ئاە دڵم وەک جەستەم رەق بوایە**

**_ بەردێک_**

2

**ئاە بۆ دڵێک لەبەفر**

**_ئاگر _**

3

**ئاە بۆ دڵێک لە ئاگر**

**_ بەفر _**

4

**خەون بەئاسمانێکەوە دەبینم**

**_ ئاسمان _**

5

**خەون دەبینم بەژێر دەریادا بفڕم**

**_ باڵندەیەک _**

6

**ڕووناکی بارانێکە لە تیشک**

**_ تاریکی _**

7

**ئەگەر مانگم دەستکەوێ**

**وەک تەوقێک ئەیکەمە ملم**

**_ سەگێک –**

8

**خۆرێک لە زەوییەوە**

**نامەیەکم بەتیشک بۆ نانوسێ**

**_ خۆر _**

9

**ڕوناکترین ڕوناکی لە دڵی تاریکیدایە**

**_ شەمشەمەکوێرەیەک_**

10

**ئەگەر ببم بە خاوەن دووپێ**

**بەسەر لاشەی دونیادا دەڕۆم**

**_ ڕێگایەک _**

11

**خەون بەدەریایەکەوە دەبینم**

**لە دیو دڵی ئاسمانەوە**

**_ ماسییەک _**

12

**کەشەڕ هێلانەو باڵەکانی سووتانم**

**بەدەنوکم لەسەر بەفر نووسیم ئاشتی**

**_کۆترێک_**

13

کەئیزرائیلی ئاگرم تێبەر دەدەن و دەمکێشن
ڕۆحم تۆپەڵ تۆپەڵ
بەئاسماندا بڵاو دەبێتەوە تادەمرم
_ جگەرەیەک_
14
دەرگای هەزاران نهێنیم خستە سەرپشت
ئای کلیلێک دەرگای دڵم بکاتەوە
_ کلیلێک_
15
لەپایزدا بیر لە خۆکوشتن دەکەمەوە
_ درەختێک_
16
کە گوێتان لە شڵپە شڵپم دەبێت
شەپۆل نادەم
خەون بەفڕینەوە دەبینم
_ دەریایەک_

17
سەدان بیرەوەریم پێنوسراوەتەوە
ئاە بۆ قەڵەمێک و دەستێک
بیرەوەری تەمەنم بنووسێتەوە
_ قەڵەمێک_
18
ناڵەناڵی جریوە شێتی کردم
ئەگەر دەستم دەبوو
دەرگای قەفەسەکانم دەشکان
_ قەفەسێک _
19

ئەی مرۆڤ کەپیر دەبیت دەچەمێیتەوە
چ جەلادێکی بۆ کەمێ ڕاست بوونەوەی خۆت
من بەجوانی دەچەمێنیتەوە
_ گۆچانێک_
20
لەوەتەی هەم چرکە بەچرکە کات دەژمێرم
کەچی نازانم تەمەنم چەندە
_ کاتژمێرێک_
21
پێویستە دونیا تێک درێ و
لەسەر شێوەی گوڵ دروستبکرێتەوە
_ پەپوولەیەک_

22
ئەوکاتەی کاروانی جەلادانی عەشق و جوانی
بەسەر پشتما تێدەپەڕین
خەونم بەڕوخانەوە دەبینی
_ پردێک _
23
هەناسەی پەپوولەکانیش بۆنی بارووتیان لێدێ
ئەڵێی لەجەنگەوە دێن
_ گوڵێک_

24
وتم دەچم بەکۆڵانەکانی سەر زەویدا
پیاسەیەک دەکەم
تیشکەکانی خۆر بۆیان گێڕامەوە
سەر زەوی دۆزەخەو پڕە لە تەرمی عاشقان

پەشیمان بوومەوە

_ ئەستێرەیەک _

25

کەدەچمە بەرزایی ئاسمان

گیانم پر دەبێ لە ترسی مردن

چونکە ڕۆحم بەتاڵە دەزوویەکەوە بەندە

_ کۆلارەیەک_

26

گیانم کون کونە

کەچی پڕ پڕم لە ئاوازو سەداو ناڵە ناڵ

_ شمشاڵێک _

27

گەرچی ڕەشم

سپێتی بەفر لەکەدار ناکەم

_ ڕیشۆڵەیەک _

28

تاریکی پڕە لە تەنیایی

_ ڕووناکی _

29

ئەسڵم سپی بوو

عیشق دڵی کردم بەخوێن

_ هەنارێک_

1998

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

تێبینی/ ئەم کۆشیعرە لە ساڵی 1998نووسراوەو لە ساڵی1999لە پاشکۆی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە، لە هەمان ساڵدا بەڕێزئاوات محەمەد ئەمین ،وەریگێراوەتە سەر زمانی عەرەبی و لە هەفتەنامەی (الاتحاد) بڵاوکراوەتەوە. هەروەها لە لایەن برای نووسەرو ڕەخنەگر، عەبدوڵا تاهیر بەرزنجییەوە، کراوەتە عەرەبی و لە ئەنتۆلۆگیای شیعری کوردیدا لە گەڵ شیعری کۆمەڵێك شاعیری تردا، بڵاو کراوەتەوە کە ئەو ئەنتۆلۆگیایە کاك عەبدوڵا تاهیر بەرزنجی ئامادەی کردووە،

**بەلام کاتێ خۆی کەبڵاومکردەوە لە بەر هەڵەی چاپ نەمدەناسییەوە بۆیە بەچاکم زانی جارێکیتر بڵاویبکەمەوە. حەمە کاکەڕەش 2007**